## زاگرۆس :

# شێواز و ستایلی کارکردنم جیاوازە بۆیە ناترسم



**زاگرۆس جەبار کچە کوردێکی بە رووخسار جوان و سەرنجراکێش و ڕۆح سووکە، هەروەها بە یەکەمین بێژەری کورد دادەنرێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، جگە لەمەش توانیویەتی وەکو ئەکتەر لەشانۆگەرییەکی گەورە لەهۆڵەندا بەشداری بکات و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەجێگای خۆی بکاتەوە لە نێو بواری شانۆدا، بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین توانی سەرکەوتن لەهەردوو بواردا بەدەست بهێنێت. زاگرۆس ئێستا بەم کارانە نەوەستاوە و دەیەوێت لە بواری گۆرانی و موزیکیشدا خزمەت بکات و بەم نزیکانەش یەکەمین بەرهەمی گۆرانی خۆی بڵاودەکاتەوە لە دیمانەیەکدا زاگرۆس بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە ئەوروپا کاری نواندنت دەکرد یاخود خوێندنیشتتەنیا ئارەزووت-** بێجگە لەوەی کە لە شانۆی گەورە و ناسراوی هۆڵەندا بەشداریم نمایشی شانۆییم کردووە لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی بەشداریم لە کۆرس و وۆرکشۆپی شانۆییدا کردووە.

***گرنگترین ئەو کارە هونەریانەی بەشداریت تێدا کردووە چی بوون؟**

- هەموو ئەو کارە هونەریانەی بەشداریم تێدا کردوون گرنگ بوون، بۆن و مانای تایبەتی خۆیان هەبووە.

*** زۆر کچ لە ئەوروپا هەبوون و هاتنەوە کوردستان وەك گۆرانیبێژ کاریان کرد، بەڵام لەلایەن جەماوەرەوە وەك پێویست پێشوازییان لێنەکرا، تۆش ناترسی تووشی هەمان هەڵوێست ببیەوە؟**

- نەخێر ناترسم، چونکە من شێوازی کارکردن و ستایلم جیاوازە، لە هەمان کاتدا ژیانی من تەنها لە بواری هونەری پێك نەهاتووە، ٤ ساڵ بوو بواری ئارایشتم خوێند و بە سەرکەوتوویی بروانامەم بەدەستهێنا و کاری ئارایشت رۆڵی سەرەکی هەیە لە ژیانی من، چونکە بژێوی ژیانمی پێ دابین دەکەم.

*** چۆن بوو لە نواندنەوە رووت کردە گۆرانی وتن؟**

- پێش ئەوەی دەست بە کاری نواندن بکەم نیازی گۆرانی وتنم هەبوو بە بەردەوامی لە بۆنە و فیستیڤاڵ و ئاهەنگە هونەرییەکاندا گۆرانیم وتوە، ئێستاش پێموایە ئەزموونێکی باشم پەیدا کردووە بۆ وتنی گۆرانی و بڵاوکردنەوەی یەکەمین بەرهەمی گۆرانی تایبەت بە خۆم.

*** ئایا کەسێکی دیاریکراو هەیە هاندەرت بێت بۆ گۆرانی وتن؟**

- یەکەمین کەس خۆمم و دوایی خێزانەکەم کە هاوکاری زۆرم دەکەن، هەروەها سوپاسی ئەو هونەرمەندانە دەکەم کە هاوکاریم دەکەن.

***ئێستا گۆرانیبێژ زۆرن تۆ چ بەرنامەیەکت هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت و شوێنی خۆت بکەیتەوە؟**

- من شانۆکار و ئەکتەرم لە بواری هونەردا شوێنی خۆم هەیە ئەوە جێگای شانازییە بۆ من و سەرکەوتنم وەك گۆرانیبێژ پێوەندی بە زۆر بوون و کەم بوونی گۆرانیبێژەوە نییە، زیاتر بۆ پوختی بەرهەمەکە خۆی دەگەڕێتەوە.

***چ تێبینیت هەیە دەربارەی ئەو کچانەی ئێستا گۆرانی دەڵێن؟**

- ڕێزم هەیە بۆ گشت ئەو گۆرانیبێژانە هونەر بە دژواری دەگرن و ڕێز لە هونەری رەسەنی



کوردی و فەرهەنگی کوردی دەگرن.

*** لەداهاتوودا گەر لەنێو هونەری کوردی سەرکەوتنت بەدەستهێناو ئەوکات کار لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر دەکەیت؟**

- نەخێر کاری لەگەڵ ناکەم ، چونکە ستایلی من جیاوازە لەگەڵ ستایلی هەڵکەوت زاهیر.

**• رەنگە یەکەم کاری گۆرانی گوتن زەحمەت بێت، کێن ئەوانەی لەرووی ئاوازە و هۆنراوە، کاریان لەگەڵ دەکەی؟**

- یەکەم بەرهەمی گۆرانیم لە هۆنراوەی باوکمە(جەبار) پێکەوە و ئاوازی خۆم و کاری موزیك لەلایەن هونەرمەند(پاڤل سەرهەنگ ) کاری بۆ کراوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا کلیپێکم بڵاودەکرێتەوە لەشاشەکاندا.

**• بەرای تۆ تا چەند توندوتیژی هەیە بەرامبەر بەئافرەتان لەدەرەوە؟**

- بەداخەوە توندو تیژی زۆر زۆر بەرامبەر بەئافرەت بەکاردەهێنرێت، نەوەك بەتەنیا لەکوردستان ئەتوانم بڵێم لە ئەوروپاش بەهەمان شێوەیە لە یەکێك لەبەرنامەکانی ئەمەریکادا ئاشکرایان کرد کە هەموو چرکەیەك ئافرەت ڕووبەرووی توندوتیژی دەبێتەوە لەسەرانسەری جیهاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئافرەتی ئێمەش وەکو هەموو ئافرەتانی جیهان ڕووبەروی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە جا هەر جۆرە توندوتیژیەك بێت.

*** قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە کەژیانی دژواری ژنی کورد لەکارەکانت ڕەنگ بداتەوە؟**

بەڵێ، بیرم لێکردۆتەوە بەهیوام بەزووترین کات دەرفەتێکی باشم بۆ بڕەخسێت و بۆئەوەی کارێکی باش بۆژیانی ئافرەتی کورد بکەم.

# جەستەی شاکیرا
# بۆمبێکی لاتینی بێ سنوورە

لە لێدوانێکی ئاگریندا شاکیرای گۆرانیبێژی کۆلۆمبی بە رەچەڵەک لوبنانی سەرسامی خۆی بە گۆرانیبێژی پۆرتۆریکی ریکی مارتن دەربڕی و بە یەکێك لە گرنگترین ئەو کەسانەی وەسف کرد کە مۆسیقای ئەم چەرخە دروست دەکەن.


شاکیرا کە بەم دواییە سەرۆك ئۆباما بە راوێژکاری خۆی دانا بۆ کاروباری منداڵە لاتینیەکان لە ئەمریکا، رایگەیاند: گۆرانییەکانی ریکی مارتن لە هەستێکی بەهێزەوە هەڵقوڵاون و دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەکاتی گوێ گرتنی هەمیشە هەست بە خۆشی بکەیت، لەلایەکی دیکەوە شاکیر گوتی: من هیچ کاتێك خۆم بەوشێوەیە نیشان نەداوە کە خەڵك وا هەست بکات پشت بە خۆ رووت کردنەوە دەبەستم، بەڵام ئەوەش ناشارمەوە من وەك بۆمبێکی لاتینی وام کە هیچ سنوورێکی دیاریکراوی نییە بەتایبەتی لەکاتی وتنی گۆرانی لاتینیدا.



# لە فەرەنساش کلیپێکی

گۆرانی «We found love» کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی کچە گۆرانیبێژ ریهانا خەریکە مشتومڕی زۆر دروست دەکات لەناوەندە هونەری و کۆمەڵایەتییەکان، دوای ئەوەی کە بەوە تۆمەتبار کرا بەوەی کە دەبێتە هۆی زراندنی ناوی ئافرەت، ئەنجوومەنی باڵای کارە بیستراو و بینراوەکانی فەرەنسا بڕیاریدا بە رێگاگرتن لە پەخشکردنی ئەم گۆرانییە لە کەناڵە فەرەنسیەکان بەتایبەتی لەو کاتانەی کە جەماوەرێکی زۆر لە شوێنە گشتییەکان پەخش دەکرێت، چونکە هەندێك دیمەن لە خۆدەگرێت کە ناکرێ منداڵ سەیری بکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجوومەنی ناوبراو بڕیاریدا ئەم گۆرانییە تەنیا دوای نیوەی شەو پەخش بکرێت کە لەم کاتەشدا منداڵان بۆیان نییە سەیری تەلەفزیۆن بکەن، شایەنی وتنە ئەمە دووەمجارە کە ریهانا رووبەرووی ئەم بڕیارانەی دەزگاکانی چاودێری دەبێتەوە لە ئەوروپا دوای ئەوەی گۆرانی (SMS) لە یازدە وڵاتی ئەوروپی قەدەغە کرا.





# كوردە : خەڵكانێک هەن بۆ مەبەستی تایبەتی بەدوای هونەر کەوتوون

هونەرمەند كوردە لە لێدوانێكدا بۆگۆڤاری گوڵان، باس لە ئەركی هونەرمەند دەكات بەگشـــتی و دەڵێت « هونەرمەند دەبێت ڕاستگۆبێت و بەردەوام هەوڵ بدات بەجددی لەڕووی هونەرییەوە كار بكات بۆ پێشخســـتنی میللەتەكەی، جا لە هەرشوێنێك بێت، چونكە هونەرمەند موڵكی میللەتە نەوەك كاربكات بۆ پارەو پول و یاخود بۆ شێواندنی هونەری میللەتەكەی خۆی، یاخود بۆكاری سیاسی. چونكە لەبەر ئەوەی خەڵكی تر هەیە كار بكات بۆ ئەم مەبەســـتە، بۆیە دەبێت هونەرمەند ئەركی خۆی بزانێت و كۆمەڵـــگا فێری كاری باش بكات نەوەك سەر لەكۆمەڵگاش بشێوێنێت وەكو ئێستادا باسێكی زۆر هەیە كە خەریكە تەڕو ووشك بسووتێت بەهۆی خەڵكانێك كە بۆ مەرامی خۆیان بەدوای هونەر كەوتوون. كـــوردە ئەوەش دەخاتەڕوو كە لەگەڵ چۆنییەتی بەرهەمدایەو بەردەوامیش حەز لەكاری زۆر دەكات. هەروەها سەبارەت بەوەی كە بیرت لەدویت نەكردۆتەوە كوردە ووتی « نەخێر تاكو ئێســـتا بیرم لێنەكردۆتەوە كە كاری دویت بكەم.

## ریهانا قەدەغە دەکرێ



## یەک دەقەی بیۆنسی بە ١١٣ هەزار دۆلارە

بەپێـــی ئەو ســـەرژمێرییەی كە ماڵپەری (سیوسی تایم)ی بەریتانی، گۆرانیبێژی ئەمریكی بیونسی لەسەرووی لیستی ئەو گۆرانیبێژانەوە دێت كـــە زۆرترین كرێیان هەیە لە یەك دەقیقەدا.

بیونســـی كە بڕی ١،٩٩ ملیۆن دۆلاری وەرگرتبوو بەرامبـــەر بە وتنی پێنج گۆرانی لە ئاهەنگی سەری ساڵی ٢٠١٠ ئێستا یەكێكە لە پر داهاتترین گۆرانیبێژەكان، چونكە بۆ یەك دەقیقە وەستانی لەسەر تەختی شانۆ بڕی ٧١ هەزار جونەیهی ئیسترلینی وەردەگرێت، كەچـــی ماریـــا كاری ٤٤ هـــەزار جونەیهی دەست دەكەوێت، هەر بۆیەش بیۆنسی بڕی ٦٣٠ هەزار جونەیهی ئیسترلینی دەستكەوت لە بەرامبەر پێشكەشـــكردنی چوار گۆرانی لەو ئاهەنگەی كە لە سەرەتای ئەم ساڵ پێشكەشی كرد.

لـــە پلەی ســـێیەمیش كایلی مینۆگی ئوســـترالی هات كە لـــە بەرامبەر یـــەك دەقیقە وەســـتان لەســـەر تەختەی شانۆ بڕی ٣٣ هەزار جونەیهی دەســـتدەكەوێت، كەچی جنیڤەر لۆپێز بە پلەی پێنجەم هات و تەنیا ٢٥ هەزار جونەیهی دەست دەكەوێت بەرامبەر یەك دەقیقە وەســـتانی لەســـەر تەختەی شانۆ.



# تەمەنیان لە سەرووی چل ساڵیە کەچی هێشتاش هەر سەرنج راکێشن

***

**سـەرەڕای ئەوەی هەندێك لە هونەرمەنداان بەتایبەتی ئافرەتەکان تەمەنیان ئێسـتا لە سـەرووی چل ساڵییەوەیە، بەڵام جوانی خۆیان و گەشەی دەم و چاویان پاراسـتووە، بەشـێوەیەك کە دەیان بینین هەست بەوە ناکەین کە گەیشتوونەتە ئەو تەمەنە، لەهەمان کاتدا هونەرمەند هەیە لە تەمەنی بیست ساڵی دایە، بەڵام بەشێوە لەوان گەورەتر دیارە، لێرەدا چەند هونەرمەندێك دەخەینە روو کە چڵ ساڵیان بەرێ کردووە و هێشتا هەروەك خۆیان ماونەتەوە و جوانن:**

***

ئا/ بەهرە سدیق

**لەیلا غوفران**

٥٩ ساڵی تەمەنی بەڕێ کردووە، لەدایکبووی مەغریبە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەسـت هێنا دوای نیشتەجێبوونی لە میسر رێگای هونەری لەنیوەی هەشتاکان دەستپێکردووە، ساڵانی ١٩٨٨ هەتا ١٩٩٨ ساڵانی درەوشانەوەی خۆری هونەری ئەو بوون، بەڵام بەم دواییە تووشـی کارەسـاتێك بوو، بووە هۆی لەدەسـت دانی هیبەی کچی، ئەمەش وای لێکرد زۆر دڵتەنگ بێت. بەڵام دواتر بەسەر کۆسپەدا سەرکەوت و گەڕایەوە ناو گۆڕەپانی هونەری.

**ماجیدە رۆمی**

تەمەنی ٥٤ سـاڵە، لە خێزانێکی هونەری لەدایك بووە، کچی مۆسـیقار حەلیم رۆمیە، دایکی لوبنانییە، ماجدە رۆمی بەدەنگە بەهێزەکەی دەناسـرێتەوە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لە هونەرەکەی بکات.

**سەمیرە سەعید**

ئێسـتا تەمەنی ٥٣ سـاڵە، لە مەغریـب و وڵاتانی عەرەبـی بەناوبانگە ماوەی ٢٥ سـاڵە لەمیسـر نیشـتەجێیە، هەندێك پێیان وابوو میسـریە،چەندین خەڵاتی مۆسیقی وەرگرتووە یەکێك لەوانە خەڵاتی مۆسیقای ورلد میوزك وۆردس(bbc international music awards) کە سـاڵی ٢٠٠٣ لە ئەلبوومی (یوم ورا یوم) وەریگرت و خەڵاتەکانـی زیاتر لە ٩٠ خەڵاتن. ٣جار خەڵاتی میدل ئیسـت میوزیك وۆرد میوزکس دوری وەرگرتووە .

**لەتیفە تونسی**

٥٠ساڵی تەمەن بەرێ کردووە، هونەرمەند و ئەکتەری تونسیە، ناوی راستەقینەی لەتیفەیە، کچی عەلی عەرفاویە، لە سیدی عومەر لە وڵاتی تونس لەدایك بووە، بەدەیان ئەلبووم و ڤیدیۆ کلیپی بڵاوکردۆتەوە.

**نەجوە کەرەم**

تەمەنی لە سـەرووی ٤٥سـاڵییە، هونەرمەندێکی لوبنانییـە و نازناوی رۆژی گۆرانـی عەرەبی لێنراوە، ژیانی لەهەشـتاکان دەرکەوتـووە یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی کە شـوێن پەنجەیـان دیارە لە گۆڕەپانـی هونەری عەرەبی و لوبنانی، خاوەن دەنگێکی چیایی بەهێزە.





## شێروانی بێرکوتی:

# ئەگەر بۆم بکرێت هۆرەو سیاچەمانەش دەڵێم



***

**چەندین ساڵە گۆرانی دەڵێت هەر لەو کاتەی کە لە کوردستان بوو و کە چووە ئەورووپاش هەر بەردەوام بوو، بەڵام تایبەتمەندییەکی هەبوو کە تا رادەیەك جیاوازی کردبۆوە لە هونەرمەنداني دیکە، ئەویش ئەوەیە جگە لە گۆرانی گوتن لە حەیرانیش توانایی خۆی سەلماند، سەرکەوتنی لەو بوارەشدا بەرچاوە و کاریگەری حەیرانبێژی گەورەی کورد حەسەن سیساوەی بە تەواوی بەسەرییەوە دیارە، ئێستا شێروان بێرکۆتی لە هەردوو بواری حەیران وگۆرانیدا بەردەوامە لە کار و خزمەت کردن بە هونەری کوردی، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

***

*** لە گۆرانییەوە دەستت پێکرد، دواتر بۆچی رووت لە حەیران کرد؟**

- راستە بەگۆرانی وتن دەستم بەکاری هونەری کرد، بەڵام حەز دەکەم ئەوەش بزانن من کاتێك تەمەنم ١٠ساڵ بووحەیرانێکم، وتوە ئەوکات لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد زیرەك بەیەکەوە ئاهەنگێکمان کرد، بەبێ میوزیك تەنیا بەئیقاعێك کاسێتەکەمان تۆمارکرد ئەو کات من حەیرانێکم وت تاکو ئێستاش لام ماوە، پەنا بە خوای بەم زووانە دەیخەمە ڕوو، بەڵام من ئەوکات حەیرانم لەبیر کرد تاکو ئەوکاتەی کوردستانم جێهێشت لەغەریبی دەستم بە حەیران وتن کردەوە، دوورە وڵاتی و دەنگی خارە حەسەن سیساوەیی وای لێکردم غەریبی خۆم بەحەیران ووتن بڕەوێنمەوە، چونکە زانیم توانایی حەیران وتنم هەیە.

*** بەنیاز نیت واز لە حەیران بهێنێت وەکو جاران تەنیا گۆرانی بڵێیتەوە ؟**

- نازانم بۆچی میللەتی کورد بەم شێوەیە ڕەشبینە، بەرامبەر بە هونەرمەندانی خۆی، نازانم بۆ واز لەحەیران وتن بهێنم، گۆرانی بڵێم یاخود واز لەگۆرانی بێنم، تەنیا حەیران بڵێم. باشە بۆ دەست خۆشی ئەوەم لێناکەن کە دەتوانم هەم گۆرانی بڵێم و هەم حەیران بڵێم. من هەرگیز نە واز لەحەیران وتن دێنم نە واز لەگۆرانی وتن دەێنم ، وەڵڵا ئەگەر بۆم بکرێت بە شانازییەوە هۆرەو سیاچەمانەش دەڵێم .

*** هونەرمەند حەسەن سیساوەیی چ رۆڵێکی هەبوو لەوەی روو لە لاوك و حەیران بکەی؟**

- حەسەن سیساوەیی ڕۆڵی زۆری بۆمن هەبوو، غەریبی دەنگی ئەو هونەرمەندە بوو کە بۆئەوەی حەز لەحەیران بکەم، تادەمرم من سوپاسی خارە حەسەن سیساوەیی دەکەم.

*** بەر لەوەی دەست بە حەیران و لاوك بکەی لەرووی زانستییەوە دەربارەی حەیران هیچ زانیاریت هەبوو؟**

- نەخێر تۆزێکم دەزانی، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کە ئێستا خەڵکانێکی زۆر حەیرانەکانی منیان پێخۆشە بە پیرو گەنجەوە ڕووبەرووی زۆر کەس بوومەتەوە چەندان پرسیارم لێدەکەن فێری زۆر شت بووم لەبواری حەیران وتندا .

*** ئایا هیچ بنەمایەك هەیە کە هەڵسەنگاندن بۆ هونەرمەندان بکات ؟**

- لە راستیدا ئەوەی من بزانم نەخێر هیچ بنەمایەکی نییە.

*** بەڕای تۆ تائێستا لەنێو هونەری کوردی هیچ کەسێکمان هەیە رەخنەگر بێت بتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانە ڕەخنە لەکارەکانی هونەرمەندان بگرێت؟**

ـــ زۆر بە داوای لێبوردنەوە کە ئەوە دەڵێم تا ئێستا لەنێو ئێمەی کورددا پەردەیەکی شەرم هەیە کە



زاڵە بەسەر ئێمەوە، زاناکانمان شەرم دەکەن راستی و چەوتی بڵێن، شەرم دەکەن بڵێن کێ باشە و کێ خراپە، مامۆستاکانمان زۆر جار وەکو لیژنەی هونەری دادەنیشن باس لە رەخنە دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەزانن ئەو کەسە دەنگی نەشازە هیچ ئەدایەکی نییە، هیچ سیفاتێکی هونەری لەو کەسەدا نییە، بەڵام لە شەرمان پێی دەڵێن: تۆ زۆر باش بووی، بەڵام ئەوە زۆر خراپە، هەرچەندە قسەکەش زۆر رەق بوو داوای لێبوردن دەکەم.

*** میدیا بەتایبەتی تیڤیەکان چۆن دەبینی، ئێستا زۆربەی هونەرمەندان گلەیی ئەوە دەکەن کە لە تیڤییە کوردییەکان هەیە؟**

- وەڵڵا بڵێم چی ئەوە شتێکی خراپە هیوادارم نەمینێت.

*** تۆ حەیران و لاوك دەڵێی، بەڵام لە کلیپێکدا ئەوەی دەبیندرێ بە هیچ شێوەیەك لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردییەوە نزیك نییە، تۆمار کردنی ئەو کلیپە چۆن بوو؟**

- بەڵێ راستە بۆ ئێمە حەز ناکەین هونەری کوردی دەوڵەمەند بکەن، ئامانجی من لە ڤیدیۆ کلیپ ئەوە بوو حەزم کرد هەموو نەتەوەیەك کورد بناسێت ئەوانەی لە کلیپ ئەوانەی لە کلیپەکەدا بەشدارن هەر کەسە بۆ نەتەوەی خۆی باس بکات، کە کوردیش نەتەوەیەکە هونەرەکەی خۆی دەوێت.

*** سەرکەوتووترین تێکست کامەیە لای شێروان بێرکۆتی، کەکردویەتییە گۆرانی یاخود حەیران؟**

- بە ڕای من لە گۆرانییەکانم تێکستی گۆرانی (گوڵە خزم) کە تێکستی سەمیر دەسکۆیە، لە حەیرانەکانیشم حەیرانی (لە وراتی غەریبێی) یەکەم حەیرانە بۆخۆم تێکستەکەم داناوە، بەڵام هەندێك لە وشەکانی لە خارە حەسەن سیساوەیی وەرگرتووە، دوایین کۆپلەش هی کاك غەفور مەخمورییە و ئەو تێسکتە حەیرانەم زۆر بە دڵە، زۆریش بە سەرکەوتوویی دادەنێم لەسەر گەڕەکی تەیراوە کە تێکستەکەی هی مامۆستا سەید عەزیز بەرزنجییە.

***تێگەیشتنی هونەرمەند شێروان بێرکۆتی بۆ رەسەنایەتی چییە ؟ ئایا دەکرێ دەنگێکی نوێ خاوەن هونەرێکی ڕەسەن بێت؟**

ئەوە کارێکی ئاسان نییە دەنگی رەسەن دیاری بکەین، بەڕای من ئەو دەنگە رەسەنە کە گۆرانییەکانی لە گوێی خەڵکدا بمێننەوە و زوو لە بیریان نەچێتەوە.